# رەبطی تیا نیە

**تەلەبە**: توخوا مەعقولە؟ من تەقلیمی قووەی جەویم کردووە کەچی لە قووەی بەحرییە ناوم هاتۆتەوە

**مەسئول**: ئینجا قەیچێکا رۆڵە؟ ئەو هەر ئەوەندەی لێ ئەزانێ. وا ئەزانێ پەنگوین یەعنی زەرفی عەللاگە.

+++

**رۆژنامەنووس**: بەقوربانی ئەو رەقابەی مالییە بم، ئەگینا کابرا بەتەما بوو دە دەفتەر دۆلارەکەی ئەولا حەپەلوش بکات

**هەواڵنێر**: نایکا کاکە خۆ ئەقڵی هەیە، چۆن ئەچێ راو لە مەسئول مەنع کات.

+++

**کارمەند**: هەر ئەوەندە دەمم سووتا وتم تەفەڕوغی حزبی چ عیلاقەیەکی بە تەفەڕوغی ئیدارییەوە هەیە یەکسەر مەجلیس تەحقیقییان لەسەر گرتم

**دایکی کارمەند**: منیش گرتوومە رۆڵە. پەتایەو داکەتووە.. بلوزی ژێرەوە لەبەر کە بەشکو عارەق بکەیت.

+++

**هاووڵاتی**: قوربان گیان راستە ئەڵێن حەفتە ملیۆن دینار حەپەلوش کرا لەو ئەوقافەی کەرکوک؟

**سیاسی**: کەرکوک؟! کەرکوک خەتی سوورەو بە هیچ شێوەیەك قابیلی مساوەمە نیە.

+++

**تەیارەیەکی کشتوکاڵی**: سوور ئەزانن تەیارەی تەدریب نیم کەچی هەر سوارم ئەبن، باشە ناترسن؟!

**مەدخەلی عەرەبەت**: نەوەڵڵا ناترسین. خۆ هەر لای ئێمەوە تاریکستان نیە. شەوان یەك گڵۆپی سەر جادە نابینی داگیرسابێ.

ئۆباما رۆژی 30هەڕەشەی بۆ دێت -هەواڵەکان-




## هۆ لەیلا گیان

خۆشەویستە تاقانەکەم.. ویستم کۆشم پڕ بکەم لە گوڵو بەدیاری بۆ تۆی بێنمەوە، بەڵام حەیفێکم پانتۆڵم لەپیا بوو. ئای لەیلا گیان.. ئەو

رۆژە چوومە بازاڕ سەعاتێکی نایاب بکڕم بەڵام چەند گەڕام هیچیان تامی ئەو سەعاتەیان نەدا کە پێکەوە بووین..

دڵبەرە خوێن شیرینەکەم لەیلا.. زۆر حەز ئەکەم لە دەورت گەڕێم بەڵام نازانم لە کام لاوە..

لەیلا گیان هاوار..

ئەو لێوە سوورەت، ئەو دەستە گەرمانەت، ئەو ترپەترپەی دڵت.. هەمووی خەتای زەغطە کەتە.. خێرا بڕۆ بۆ لای دکتۆر

عاشقی دڵ لەلات

قەیسی موزەمید